السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەوەی واز لە نوێژی عەسر بهێنێت؛ ئەوا کردەوەکانی پوچەڵ دەبێتەوە

لە بورەیدەی کوڕی حوسەیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:
«ئەوەی واز لە نوێژی عەسر بهێنێت؛ ئەوا کردەوەکانی پوچەڵ دەبێتەوە».
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە سزای ئەو کەسانەی تێدایە کە بە ئەنقەسەت نوێژی عەسر ناکەن وبە تایبەت باسی نوێژی عەسر کراوە چونکە زۆر جار خەڵک نوێژی عەسر دوا دەخەن بە هۆی کاری ڕۆژانەیانەوە، وفەوتاندنی ئەم نوێژە کارێکی ناڕەواترە وەکو فەوتاندنی نوێژەکانی تر چونکە نوێژی ناوەڕاستە (الصلاة الوسطى)یە کە بە تایبەت فەرمان بە ئەنجامدانی وپاراستنی کراوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (حافظوا على الصلوات والصلاة الوسطى) [البقرة: 238]، (پارێزگاری لە نوێژەکان بکەن وهەروەها نوێژی ناوەڕاست -عەسر-)، وسزای ئەو کەسەی نوێژی عەسر بە ئەنقەست ناکات ئەوەیە کە کردەوەکانی پوچەڵ دەبێتەوە ئەویش بە بێبەشبوون لە پاداشتیان، ووتراوە: مەبەست ئەوەیە کە کەسێک وازی لێبهێنێت کە پێی وا بێت فەرز نییە یاخود ئینکاری لە فەرزی نوێژی عەسر بکات، جا بۆیە ئەم ڕایە پێی وایە مەبەست بە پوچەڵ بوونی کردەوەکان کوفرکردنە، وبۆیە هەندێک لە زانایان لە سەر ئەم ڕایەن وپێیان وایە ئەوەی نوێژی عەسر ئەنجام نەدات ئەوا کوفری کردووە چونکە هیچ شتێک کردەوەکان پوچەڵ ناکاتەوە جگە لە هەڵگەڕانەوە لە دین نەبێت (مورتەد بوون - الردة)، ووتراوە: مەبەست لە پوچەڵکردنی کردەوەکان بۆ هەڕەشەکردنە، واتە ئەوەی لە ئەنقەست ئەنجامی نەدات وەکو ئەوە وایە کردەوەکانی پوچەڵ بوویبێتەوە، وئەمەش لە فەزڵەکانی نوێژی عەسرە ئەوەی ئەنجامی نەدات کردەوەکانی پوچەڵ دەبێتەوە، چونکە نوێژێکی مەزنە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6261

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee